بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٣ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق) ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە ٢٦ / ١٠ / ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەركردنی:**

# یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠٠٩
# یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا

**ماددەی یەكەم:**

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە و هەموو كەل وپەل و ماف و ئیلتزامات و كاروباری كارمەندانیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بەپێی یاسا هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكات.

**یەكەم:** وەزارەتی مافی مرۆڤ.

**دووەم:** وەزارەتی كاروباری ناوچەكان لە دەرەوەی هەرێم.

**سێیەم:** وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن).

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی كشتوكاڵ و دەرامەتە ئاوییەكان).

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی رۆشنبیریی و وەزرش و لاوان لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان).

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشت وگوزار لەیەك وەزارەت لێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

**ماددەی حەوتەم:**

رێكخستن و هەیكەلی وەزارەتە لێكدراوەكان بە یاسا رێكدەخرێنەوەو، كار دەكرێ بەو پێرەو و رێنماییانەی كە لە بارەیانەوە دەرچوون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی و بڕیارێك ناكرێت گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسا ناكۆك بن.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکــی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٥ / گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**

**٨/ ذالقعدة/ ١٤٣٠ ی کۆچی**

**٢٧ / تشرینی یەکەمی/ ٢٠٠٩ ی زایینی**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

بەمەبەستی رێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.